DOI:https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.14

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە بونیادی دەقی مۆنۆدرامای(قەفەز)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا

پ. ی. د. عطا رشید حسێن

بەشی کوردی ـ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ـ زانکۆی سلێمانی ـ عێراق

م. بێستون عارف عەزیز

بەشی کوردی ـ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ـ زانکۆی سلێمانی ـ عێراق

مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی جیهان -سلێمانی- هەرێمی کوردستان

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە بونیادی دەقی مۆنۆدرامای «قەفەز»ی «عەبدوڵڵا سەراج»دا)، توێژینەوەیەکە لەسەر بنەمای رێبازی رەخنەی پراکتیکیی بەجێهێنراوە. لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە: بەشی یەکەم خۆی لە «٤» تەوەردا دەبینێتەوە و، زیاتر بەشێکی تیۆرییە، کە بریتین لە: چەمکی کارەکتەر، تێڕوانینی مێژوویی دەربارەی مۆنۆدراما (ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی دەربارەی مۆنۆدراما)، پێناسەی مۆنۆدراما و، تایبەتمەندییەکانی مۆنۆدراما. بەشی دووەمیش ناونیشانی توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە و بەشێکی پراکتیکییە و بەشێوەیەکی ورد باس لە سیما و خەسڵەتی کارەکتەر کراوە، رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گێڕانەوەی رووداو و بەسەرهاتەکانی دەقە درامییەکەدا و رەنگدانەوەی بەشێوەیەکی کارا. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا هەموو ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکاندا.

**کلیلە وشەکان: دەقی درامیی، مۆنۆدراما، کارەکتەر، نواندن، دیالۆگ، قەفەز.**

Recieved:
Accepted:

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

دراما کۆنترین هونەری نواندنە، کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو پێی ئاشنا بووبێت، چونکە سرووشتێکی لاساییکەرەوەی هەیە و مرۆڤ چێژ لەو لاساییکردنەوەیە دەبینێت. جگە لەوەش قورسترین هونەریشە، کە مرۆڤ پێوەی خەریک بووبێت، لەبەرئەوە جیهانی دراما خۆی لە خۆیدا جیهانێکی سەیرە بەڕادەی ئەوەی، کە ئازاری تێدایە، بەڕادەی ئەوەش سیحر و جادوویی تێدایە.

مخابن، کەم کەس هەست بەو جادووییە دەکەن؛ هەربۆیە زۆرترین کەس، کە هەست بە جوانیی ئەزموون و ئەفسوونەکەی دەکەن، بریتیین لە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکان، ئەوانەی، کە چەندین شەو و رۆژ لە کارێکی بەردەوامدا بەسەردەبەن.

لەو چوارچێوەیەشدا، هەموو دەقێکی درامیی لە رووی بونیادەوە لە چەند رەگەزێکی گرنگی وەکو:- (کات، شوێن، کارەکتەر، دیالۆگ، ململانێ، رووداو...) پێکدێت، کە هەریەکەیان رۆڵ و ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە لە بونیادی هەر دەقێکی درامیی دا؛ جا ئەوەی لێرەدا مەبەستە رەگەزی کارەکتەرە، کە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە بونیادی دەقی مۆنۆدرامادا، هەربۆیە کارەکتەری ئەم جۆرە درامایە ئەرکێکی زۆر گەورە دەبینێت، چونکە سروشتی مۆنۆدراما وەهایە، کە تەنها یەک کارەکتەر هەموو رۆڵەکان دەبینێت، بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و، لە ئاستی پێویستدا بێت چ لەڕووی دەروونییەوە، چ لە رووی جەستەییەوە، چ لە رووی دەنگ و دەربڕینەوە...هتد.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کارەکتەر لە درامای مۆنۆدرامادا تەنها جەستە و هەندێك سۆز و تەکنیکێکی ساکار و رووکەش نییە، بەڵکو دەبێت ئەو تەکنیك و میتۆدەی هەبێت، کە گۆڕانکاریی لە خودی خۆیدا بکات و، بە پێی رەوتی رووداوەکان رۆڵ ببینێت و، خۆی بگونجێنێت. واتە کارەکتەر لەم جۆرە درامایەدا دەبێتە گەورە و ئاغای خۆی و پیشەکەی و بنەمایەکی بەهێز بۆ بەهرەکانی خۆی دروست دەکات و، بەهۆیەوە دەتوانێت زیاتر سەرنجی بینەران بەلای خۆیدا رابکێشێت و، کاریگەرییان لەسەر دروست بکات.

لەو رووەشەوە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە، کە لەژێر ناونیشانی ((سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە بونیادی دەقی مۆنۆدرامای (قەفەز)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا))یە، تەرخانبکەین بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی بونیادی هونەری رەگەزی کارەکتەر لەو دەقە دراماییەدا.

ـــ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: هۆکار و گرنگیی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەتا ئێستا بە هیچ شێوەیەك لە رەخنەی درامیی دا لە رووی بنیادی هونەرییەوە، توێژینەوەیەکی سەربەخۆ و زانستیی و هەوڵێکی راستیینە بۆ لێکدانەوە و شییکردنەوەی رەگەزی کارەکتەر تەرخان نەکراوە لە هونەری درامای مۆنۆدرامادا. ئەمەش هانیداین، کە بابەتەکە بکەینە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەئامانجی بەشدارییکردنێکی بچووك لە پڕکردنەوەی دەلاقەیەك لە رەخنەی دراماییدا.

ـ رێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەگوێرەی رێبازی رەخنەی شیکاری پراکتیکیی بەجێهێنراوە.

ـــ بونیادی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە و لە حەوت تەوەری سەرەکیی پێکهاتووە، کە بریتیین لە:

ـ چەمك و پێناسەی کارەکتەر

ـ ڕێگاکانی خستنەڕووی کارەکتەری دراما

ـ جۆرەکانی کارەکتەر

ـ کورتەیەك دەربارەی چەمك و پێناسەی دراما

ـ بنچینەکانی گێڕانەوە لە مۆنۆدرامادا

ـ تایبەتمەندییەکانی مۆنۆدراما

ـ سیفەتەکانی کارەکتەر لە مۆنۆدرامادا

بەشی دووەمیش بەشێکی پراکتیکییە و، کرۆك و ناونیشانی توێژینەوەکەی هەڵگرتووە و، تەرخانکراوە بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگیی سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە بونیادی دەقە درامییەکەدا. لە کۆتاییشدا؛ هەموو ئەو ئەنجامانە خراونەتە بەرچاو، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەدا هاتوونەتە دەرئەنجام، لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی.

بەشی یەکەم:

## ـ چەمك و پێناسەی کارەکتەر

بوونی کارەکتەر یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی دراما و، هیچ درامایەك بەبێ هەبوونی کارەکتەر نایەتەدیی، هەربۆیە (نووسەریش لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانێت مانا دروست بکات بۆ خوێنەر، یان بۆ بینەری بگوازێتەوە)(یاقووب: ٢٠١٤، ٢٣٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کارەکتەر لە هونەری درامادا پشکی شێری بەردەکەوێ و، لە بنەڕەت دا بریتییە لە کۆمەڵێك بیروڕا و هەڵوێستی یەك لە دوای یەك، کە بەهۆی نواندنەوە سەرجەم ئەو بیروڕا و هەڵوێستانە لەسەر تەختەی شانۆ بۆ بینەر دەگوازێتەوە.

بەم پێیە کارەکتەری درامیی (یەکێکە لەو کەسانەی کە ڕووداوەکانی شانۆییەك بەڕێوەدەبات)(کەریم: ١٩٨٩، ٧٧)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە ڕووداو بەبێ هەبوونی کارەکتەر مەحاڵە بە تەنیا بتوانێت ژیان بەدەق ببەخشێت، لەبەرئەوە (کارەکتەر بزوێنەر و داینەمۆی ڕووداوە و ئاراستەی هەڵسوڕاندنی ململانێیەکانی لەئەستۆ گرتووە)(عەولا: ٢٠١١، ٣٣٨ ).

بەواتایەکی دیکە؛ هەبوون و ڕەنگدانەوەی کارەکتەر لە بونیادی هەر دەقێکی درامیی دا خۆی لە خۆیدا (بە پرۆسەیەکی دژوار و بێسنور و یاسا و ڕێسا دادەنرێت و، ژێدەرێك نییە ببێتە بنچینە بۆ بنیادنان، پرۆسەیەکە هیچ ڕێسایەك هەتاسەر ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، بۆیە وەك دابێکی کارپێکراوەی لێهاتووە، کە نووسەر بابەتەکە لە مێشکی خۆیدا گەڵاڵە دەکات)(حەسەن: ٢٠٠٤، ١١٧). کەواتە (بەبێ هەبوونی کەسێتیی، نووسەر ناتوانێ دەقی شانۆیی دابڕێژێت و بیرۆکەکەی بگەیەنێت، چونکە کەسایەتیی شوێنێکی بنەڕەتیی لە دەقی شانۆییدا داگیردەکات)(عبدالقادر: ٢٠١٣، ١١٤ــ ١١٥).

تەنانەت کارەکتەر (دەربڕی بیری نووسەرە و، لە میانی دیالۆگەکانەوە گوزارشت لە ململانێ و هێزە بەیەکداچووەکان دەکات. دراما ڕەنگدانەوەی ژیان و بارودۆخەکەیەتی، بۆیە ناتوانین بەبێ مرۆڤ وێنای بکەین)(قەرەچەتانی: ٢٠٠٦، ٣٠٠). بۆ ئەو مەبەستەش درامانووس دەبێ زۆر گرنگیی بە بونیادی کارەکتەرەکانی نێو دەقەکەی بدات و، بەشێوەیەکی جوان بۆ بینەری ڕوونبکاتەوە، کە کارەکتەرەکان لە ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەدا خاوەن چ سیفەتێکن؟ هەروەها (پێویستە بتوانرێ ناسنامەی کەسێتیی شانۆیی دیارییبکرێت، لەبەرئەوەی

کاردەکات و، وەکو ئامرازێکی راستەقینەی تەواو واقیعیی بۆ گەیاندنی گشت بیرۆکەکان)(جوردن: ٢٠٠٠، ٢٤٨).
لەم روانگەیەشەوە؛ بەهۆی ئەو رۆڵ و ئەرکە گرنگەی، کە کارەکتەر لە دووتوێی هەموو دەقێکی دراميی دا هەیەتی (ڤیڤین برونەر) دەڵێت: (خاڵی سەرەتا و سەنتەری هەر درامایەکی باش کارەکتەرەکانێتی، ئەوانەی رووداوەکان کارادەکەن و، بەهۆی خەسڵەت و ئامانجەکانیانەوە ململانێش دەخوڵقێنن)(بەرزنجی: ٢٠٠٩، ٢٩).
بەهەرحاڵ، بوونی کارەکتەر لەهەموو دەقێکی دراميی دا پێداویستییەکی گرنگە و هەڵسوڕێنەری رەوتی رووداوەکانە. بێگومان، هەرئەوەشە، کە سەرنجی رەخنەگران و لێکۆڵەرانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، کە بەگرنگییەوە تەماشای رۆڵ و ئەرکی کارەکتەر بکەن و، بە رەگەزێکی پڕبەها وەریبگرن.
لەو چوارچێوەیەشدا، گەلێك پێناسەی هەمەجۆر دەربارەی کارەکتەر خراوەتەڕوو. بۆ نموونە زانایانی دەروونناسیی قوتابخانەی رەوشتی بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە و دەڵێن: (بریتییە لەسەرجەم ئەو چالاکییانە، کە دەتوانرێت بزانرێت و پەی پێ ببرێت لە رێگەی سەرنجدانی راستەقینەی رەوشتەوە بۆ ماوەیەکی گونجاو و باش، هەتا بتوانرێت کۆمەڵێك زانیاریی باوەڕپێکراو بدات بەدەستەوە))(قەرەچەتانی: ٢٠٠٦، ٣٠٠). بەمەش ئەرکێکی گرنگ لە ئەستۆدەگرێت، تا بتوانێت بەهۆیەوە (ئاستێك لەسەر تەختەی شانۆ بێنێتە کایەوە، کە جێگەی متمانە بێت، بۆئەوەی بتوانێت لە پانتایی خەیاڵدا ئەزموونێك دەربارەی رووداوەکان و بابەتی شانۆنامەکە بەرجەستە بکات، کە لەگەڵ تەواویی ئەو کاردانەوە سایکۆلۆژییە خۆکردانەدا (ئۆتۆماتیکیانەدا) بێت، کە هاوکات لەگەڵ ئەو ئەزموونە راستەقینەیەدا دێنەکایەوە))(یاقووب: ٢٠١٤، ٣٤٠).
هەروەها (عدنان بن ذریل)یش بەم شێوەیە پێناسەی کارەکتەر دەکات و دەڵێت: (کارەکتەر یەکێکە لە کەسایەتییەکانی نێو دەقە دراميیەکە، کە موڵکی درامانووسە و درامانووس دروستیکردووە و ئەکتەر هەڵدەستێت بە بەرجەستەکردنی و زیندووکردنەوەی لەسەر تەختەی شانۆ))(ذریل: ١٩٩٦، ٢١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (درامانووس ئەو مەبەستەی، کە لەپێناویدا دراماکەی بۆ دادەڕێژێ، ئەگەر لە گەردنی کەسانێکی نەئالێنێ بۆی نایەتەدیی و، وەك خەیاڵێکی سەرپێیی لێ دێت و لەپڕ مەحف دەبێتەوە، بۆیە رەچاوبوونی کەسان و کەسێتیی بۆ درامانووس کارێکی پێویستە))(هەورامی: ٢٠٠١، ٢٧).
هەوەها هەندێکی تر لە رەخنەگران دەربارەی کارەکتەر دەڵێن: (کارەکتەر، کەسانێکە لەو خەڵکە، کە لە رووداوە دراميیەکانی ناو شانۆییە نووسراوەکەدا رۆڵدەبینێ))(سوبحان: ٢٠٠٤، ٢٤). واتە کارەکتەر و رووداو دوو رەگەزی تێکئالاون و تەواوکەری یەکترن، هیچیان بەبێ هەبوونی ئەوی تریان بوونی نییە.

## ـــ رێگاکانی خستنەڕووی کارەکتەری دراميی

بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە کارەکتەر و خستنەڕووی کارەکتەر لە بونیادی دەقی دراميی دا، درامانووسان چەند رێگایەکیان داناوە بۆ دەرخستنی کەسێتیی کارەکتەری ناو دراماکە ، کە بریتیین لە:
(١- رواڵەتی دەرەوە و رەنگ و رووخسار و شان و شەوکەت. ئەم شتە رواڵەتیانە کەرەستەی ناساندنی کەسێتیی کەسانی ناو درامان.
٢- ئاخاوتن، یان گفتوگۆکردن، کە بەهۆیەوە لایەنێکی کەسێتیی مرۆڤ دەردەکەوێت.
٣- خۆناساندن، هەندێکجار دەرهێنەری دراما بەهۆی ئەو پێشەکییەوە کەسەکان دەناسێنێت، یان کەسەکان لەناو گفتوگۆکەیاندا خۆیان بە بەرامبەرەکەیان دەناسێنن.

٤- بیروڕا دەربڕین و هەست و سۆز، واتە بەهۆی بیروڕا دەربڕین و هەست و سۆزەوە دەزانرێ، کە ئەو کەسە ژیرە، یان نا؟ هوشیارە، یان گێلە؟...هتد.
٥- گفتوگۆکردن و ڕازییکردنی کەسانی ناو دراما لەگەڵ خۆیاندا، واتە مۆنۆلۆگ.
٦- کار و کاردانەوە، مرۆڤ کار و کردەوەیە، کە بەهۆیەوە دەزانرێ چ کەسێکە و سەر بە چ چینێکە؟ کارا و چاپووکە، یان دەستەپاچە و بێ وەجە؟))(هەورامی: ٢٠٠١، ٢٧ ــ ٢٨).

## ــ جۆرەکانی کارەکتەر

بەهۆی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە گرنگەی کارەکتەر هەیەتی ،وەکو ڕەگەزێکی بەرچاو لە بونیادی هەموو دەقێکی درامیی دا هەیەتی، دابەش دەبن بەسەر (٢) جۆردا، کە بریتیین لە:
١- کارەکتەری سەرەکیی (Leading character): یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دراما و ئەرك و ڕۆڵی سەرەکیی دەبینێت و بڕبڕەی سەرەکیی دراماکەیە و (ئەو کەسایەتییەیە، کە لەسەرەتای ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێت و بە کۆتایی ڕووداوەکانیش ڕۆڵی نامێنێ))(ئەڵوەنی: ٢٠٠٩، ٤٤). بەوەش ناوەندی سەرەکیی دراما پێکدەهێنێ و، کاردەکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و کاریگەرییشی دەبێت لەسەر کارەکتەرە بەشداربووەکانی تری دراماکە و بەهۆیەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەوپێش دەچن.
٢- کارەکتەری لاوەکیی (Minor character): ئەو جۆرە کارەکتەرانەن، کە بە پێی پێویست و جۆری بونیادی دەقە درامییەکە و ڕەوتی ڕووداوەکان دەردەکەون و، ڕۆڵ و ئەرك دەبینن. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە درامانووس بە بێ بایەخ تەماشایان دەکات، نەخێر، بەڵکو بەپێی پێویست ڕۆڵ دەبینن و لە هەموو حاڵەتەکانیشدا (کارەکتەرە لاوەکییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی کەسایەتیی و هەڵوێست و ئەدگارەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەگێڕن))(ئەڵوەنی: ٢٠٠٩، ٥٦).
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ کە هەریەکەیان بەپێی ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی بۆیان دانراوە ڕۆڵی خۆی دەبینێت و دەست بەکاری نواندنی خۆی دەکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، مەرج نییە کارەکتەری لاوەکیی لە بونیادی هەموو دەقێکی درامیی دا بوونی هەبێ. بۆ نموونە لە بونیادی دەقی درامیی مۆنۆدرامادا هەروەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، تیایدا تەنیا یەك کارەکتەر بوونی هەیە و، ئەویش کارەکتەری سەرەکییە و هەرخۆی بە تەنها و بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان ڕۆڵ دەبینێت.

## ــ کورتەیەك دەربارەی چەمك و پێناسەی مۆنۆدراما

مۆنۆدراما، جۆرە بابەتێکی درامییە و تێکستی تایبەتی خۆی هەیە، کە زۆر کورتە و ڕەنگدانەوەی کێشەیەکی ڕاستەقینەیە و (پەیوەستە بەو بەسەرهات و چیرۆکانەی خودی مرۆڤ، کە بەسەریدا هاتووە و، لە بۆتەیەکی هونەری تەواودا دەیان گێڕێتەوە و بەیانیان دەکات، دەیەوێت دەربڕی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی بێت)(عەلی: ٢٠١٦، ٢٨٩)، تا بەهۆیەوە بتوانێت وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیان بکێشێت. واتە ڕووداوەکانی ئەم جۆرە تێکستە درامییە هەمیشە لە ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە وەهمەوە. ئەمەش وایکردووە درامایەکی پڕ هێز و کاریگەر بێت و، لەگەڵ پرس و بابەتەکانی ژیانی مرۆڤدا مامەڵە بکات.
هەروەها سروشتی پێکهاتەی ئەم جۆرە درامایە لەڕووی کاتەوە چەند خولەکییە و، بۆ هەموو جۆرە خەڵکێك

لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە نمایش و پێشکەش دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی کارەکتەر لە ڕێگای دیالۆگەوە، یان بە زمانی جەستە و بەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە هاوکاریی لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان دەکات.

شایانی باسە، ئەم جۆرە درامایە لە ڕووی بونیادی زمانییەوە لە (دوو وشەی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتیین لە مۆنۆ(Mono) واتە تەنیا، دراما(Drama) واتە کردار. زاراوەکە پێکەوە واتای درامای تاکەکەسیی دەگەیەنێت، ئەم تاکە کەسە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری شانۆ پێکەوە پەیامەکەی خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێت)(عەلی: ٢٠١٦، ٢٨٨).

سەبارەت بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم جۆرە درامایە لە مێژووی هونەردا، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی دراما هەڵبدەینەوە، دەبینین دەرئەنجامی هەوڵ و چالاکیی مرۆڤ بووە، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە گوزارشت لە ژیان و ڕووداوەکانی ژیان بکات. واتە دەرکەوتنێکی تاکێتیی مرۆڤ بووە لە گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتەکاندا، بەڵام لە ڕووپۆش و قاڵبێکی مۆنۆلۆگیدا. بابەتی مۆنۆلۆگیش بریتییە لەو(وتەیە، یان گفتوگۆیەی، کە تاکە ئەکتەرێك دەیڵێت، هەندێکجار شێوەی گفتوگۆیەکی ناوەوەی هەیە)(قەرەداغی: ٢٠١٢، ٩١). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هونەری مۆنۆدراما تەنیا بونیادێکی دەربڕینی مۆنۆلۆگی و تاکە کەسییە، نەخێر (بەڵکو جۆرە درامایەکە پشتیوانیی لە دەربڕینی زمانی شیعریی دەکات، کە گفتوگۆ لەگەڵ خۆدا دەشارێتەوە. ڕاستە ئەم جۆرە درامایە تەنیا یەك کارەکتەری تێدایە، بەڵام ئەو کەسە خۆی لە خۆیدا هەڵگری سیفاتی کۆمەڵێك کارەکتەری خەیاڵیی ترە، کە لە بیری خۆیدا بونیادی دەنێت)(ئۆسمان: ٢٠١١، ٦٧ ــ ٦٨).

بەواتایەکی تر، ئەم جۆرە درامایە زیاتر پشت بەشێوازی گێڕانەوە و ڕەگەزی مۆنۆلۆگ دەبەستێ، کە درکاندن و دەربڕینێکی دیالۆگ ئامێزی تێدایە و ڕاستییە شاراوەکان ئاشکرا دەکات و، بەشێوەیەکی هونەریی نمایشیان دەکات. واتە بنیادی تێکستی مۆنۆدراما لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە پشت بە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ دەبەستێ، بەڵام ئەوەی هەیە، کە شێوازی گێڕانەوەکە (بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەرەوپێش ناڕوات، بەڵکو بە جووڵەیەکی پێچاوپێچ دەگەڕێتەوە دواوە و کات و شوێن پچڕپچڕ دەبێت)(یونس: ١٩٩٩، ٢١٧).

لەو چوارچێوەیەشدا دەبینین، کە لەکاتی دەستپێکی نمایشی درامای مۆنۆدرامادا کارەکتەر (پەشۆکاو و ناکۆك دیارە و چەند شتێکی پەرت و بڵاو باسدەکات و دەگێڕێتەوە، کە هیچ زنجیرەکاتێکی پێوە دیارنییە، بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا، هۆی ناکۆکیی و نیگەرانیی و بێزارییەکەمان بۆ ڕوونبێتەوە)(عەلی: ٢٠١٦، ٢٩٥). لە ڕاستیشدا، ڕەنگە هۆکاری ئەو حاڵەتەش، کە بەسەر کارەکتەرەکەدا دێت ئەوە بێت، کە نمایش و گێڕانەوەی سەرجەم ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەکەوێتە سەرشانی ئەو کارەکتەرە، کە بە تەنیا هەموو ڕۆڵەکان دەبینێت.

بێگومان، ئەوەش بارگرانییەکی زۆر لەسەر ئەو کارەکتەرە دروست دەکات و، تووشی جۆرێك لە شڵەژانی دەروونیی دەبێت، بەڵام بەهۆی بەردەوامبوونی نمایش و گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئیتر وردە وردە ئەو بارگرانیی و شڵەژانە دەروونییە دەڕەوێتەوە و، شێوە سەقامگیربوونێك بەخۆوە دەبینێت.

بەهەڵدانەوەی زیاتری مێژووی لاپەڕەکانی ئەم جۆرە درامایە، دەبینین مێژووی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هونەری مۆنۆدراما وەکو زۆرێکی تر لە کار و چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی تری مێژووی مرۆڤایەتیی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، چونکە (یۆنانییەکان خاوەنی ئاهەنگ و فێستیڤاڵی فرەڕەنگ بوون. هونەری ناسراوی شانۆش لە هەناوی هەمان ئەو فێستیڤاڵانەوە سەریهەڵدا. کەواتە جێگەی خۆیەتی مێژووی شانۆی جیهان بە

وتـاری فێسـتیڤاڵەکان دەسـت پێبکات)(دۆرانـت: ٢٠١٠، ١٩).

تەنانـەت (لـە سـەدەی شەشـەمی بێـش زایینـەوە، شـاعیران لـە پێنـاوی چاکتریـن شـیعردا پێشـبڕکێیان بـوو، تاوەکـو شایسـتەی خەڵاتـی ئـەو فێسـتیڤاڵە سـاڵانەییە بـن. واتـە خۆیـان بـۆ چامـەی (دیسرامـپ) ئامادەدەکـرد، ئـەم جـۆرە شـیعرە واتـە (دیسرامـپ) ناوەکـەی لـە یەکـێ لـە لەقەمەکانـی (دیونیزیـۆس)ەوە هاتـووە. لـە بنچینەشـدا ئـەو جـۆرە گۆرانییـە، کـە سـەمای لەسـەر ئـاوازی نـەی پێدەکرا)(سـالار: ٢٠٠٥، ١٨٩) بـۆ ئـەو مەبەسـتەش (یەکـەم ئەکتـەر لـە مێـژوودا دەرکـەوت بەنـاوی (سیسـپیس)، کـە بـە شـێوازی جیـاواز لـە جـاران چیرۆکەکانـی دەگێڕایـەوە و نواندنـی دەکـرد، بینـەری دەخسـتە خرۆشـان بـە جەسـتە و دەسـت و دەم و جووڵـە بەهێزەکانـی، دەمامکـی لـە سـەر دەم و چـاوی دادەنـا و یاریـی بـە دەنگـی دەکـرد، تـا کەسـایەتییەکان بەرجەسـتە بـکات، جـل و بەرگـی تایبەتیـی لەبەردەکـرد و، دواتـر بەشـێوەیەکی خێـرا و یـەك لـە دوای یـەك دەیگـۆڕی. ئەمـەش داهێنانێکـی بـێ وێنـە بـوو لـەو سـەردەمەدا) (عەلـی: ٢٠١٦، ٢٨٩ ـ ٢٩٠).

واتـە (سیسـپیس) بـە یەکـەم ئەکتـەر و بـە یەکـەم داهێنـەری هونـەری درامـای مۆنۆدرامـا دادەنرێـت، کـە (لـە سـاڵی ٥٣٥ پ.ز لـە کـۆرس دابڕابـوو، بـەوەی هەنـدێ شـتی بـە تاکـە کەسـیی مایـەوە، جگـە لـە سـەرۆکی کـۆرس، خـۆی بـە تەنیـا رۆڵـی چەنـد کەسـێکی دەنوانـد و لەمەشـەوە ئەکتـەر پەیدابوو)(سـالار: ٢٠٠٥، ١٨٩). ئیـتر، وردە وردە لـەو مێـژووەوە ئـەم جـۆرە درامایـە، کـەم تـا زۆر پەرەیسـەند و توانیـی لـە مێـژووی درامـادا پێگەیەکـی تایبـەت بەخـۆی بونیـاد بنێـت بەتایبەتییـش لـە سـەدەی (١٨)دا، کـە مرۆڤایەتیـی بەرەوپێشـچوونێکی تایبەتیـی بەخۆیـەوە بینـی و، زۆرێـك لـە هونـەر و کار و چالاکییـە ئەدەبییـەکان گەشـەیان سـەند لـە نێوانیشـیاندا هونـەری مۆنۆدرامـا بـوو، کـە (دووەم دەرکەوتنـی مۆنۆدرامـای نـوێ لـە سـەدەی (١٨)دا بـوو لەسـەر دەسـتی پێشـەنگی هونـەری مۆنۆدرامـا و نووسـەری شـانۆکاریی نـاوداری ئەڵمانیـی (کریسـتیان براندیـز). ئـەم هونەرمەنـدە توانیـی ژیـان بـە بەرگـی (سیسـپیس) دا بکاتـەوە و، بـە هـاوکاری کـۆرس، بـە تەنیـا رۆڵـی گێڕا)(عەلـی: ٢٠١٦، ٢٩١).

سـەرهەڵدانی رێبـازی رۆمانسـیزم لـە ئەوروپـادا رۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو لـە زیاتـر دەرکەوتـن و گەشەسـەندنی ئـەم جـۆرە درامایـەدا، چونکـە (لەسـەردەمی رێبـازی رۆمانسـیزمدا و بەهـۆی بەرەوپێشـچوونی تێگەیشـتنی هزریـی تاکـە کەسـییەوە، هونـەری مۆنۆدرامـا بەرەوپێشـچوونێکی باشـی بەخۆیـەوە بینیـی، ئـەوەش بەهـۆی بـە لەبەرچاوگرتنـی بـواری سـۆزدارییەوە بوو)(ئۆسـمان: ٢٠١١، ٦٧). ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات، کـە (رۆمانسـیزم بازنەیەکـی گرنگـە لـە زنجیـرە ئەزموونـە مەزنەکانـی کاروانـی ژیانـی مـرۆڤ. شۆڕشـێکی دوورمـەودا و بێسـنوورە، گشـت لایەنەکانـی ژیانـی گرتۆتـەوە و پەرچەکـردار و ڕەنگدانـەوەی بەشـوێنێکی تایبەتییـەوە نەوەسـتایەوە. ئـەدەب و هونەریـش رەنگدانـەوەی پەیوەندیـی نێـوان مـرۆڤ و جیهانەکەیەتـی، ئـەو پەیوەندییـەش خاوەنـی یاسـا تایبەتییەکانیەتـی، کـە لـە جـۆرە پەیوەندییەکانـی تـری جیادەکاتەوە)(سـالار: ١٩٨٨، ٩٢).

تەنانـەت هـەر لـەو قۆناغـە مێژووییـەدا (شـانۆنامە بـوو بـە زنجیـرە بینراوێکـی هەمەجـۆر لـە هەمـان کات و لـە هەمـان شـوێن و لـە چەشـنگەلێک رووداوی یـەك بـەدوای یـەک دا. سەربەسـتیی تـەواو لـە هەڵبـژاردن و بۆچوونـدا، سەربەسـتیی لەبـارەی زمـان و وشـە و شـێواز و دارشـتن دا)(سـالار: ١٩٨٨، ١٨٥). لـەو چوارچێوەیەشـدا، (جـان جـاك رۆسـۆ) لـە بـواری نووسـینی مۆنۆدرامـادا (یەکـەم کەسـە، کـە لەسـاڵی ١٧٦٠ز دا ئـەو جـۆرە درامایـەی نووسـیوە بەنـاوی «بەجوانییەکانیانەوە»)(عەلـی: ٢٠١٦، ٢٩١). هەروەهـا لـە سـەدەی بیستەمیشـدا ((کۆمەڵێـك نووسـەر توانیـان چەندیـن شـانۆگەریی مۆنۆدرامـا بنووسـن، لەوانـە وەکـو: چیکـۆف (تووتـن)ی نووسـیی، کۆکتـۆ (دەنگـی مـرۆڤ)ی

نووسیی، بیکیت شانۆگەری (بێ وشە)ی نووسیی...هتد)(ئۆسمان: ٢٠١١، ٦٧).

شایانی باسە، هونەری مۆنۆدراما لە رووی پێکهاتە و چنینەوە، خاوەن زمانێکی چڕی هۆنینەوەیە و، لە میانی نمایش دا لەسەر تەختەی شانۆ (پشت دەبەستێت بە شارەزایی و لێهاتوویی ئەکتەر لە نواندن دا، کە دەبێت لە نمایشێک دا چەند رۆڵێك ببینێت و، دەبێ زۆر بەخێرایی لە رۆڵێکەوە بچێت بۆ رۆڵێکی تر. هەروەها لە رووی پۆشاك گۆڕینیشەوە دەبێت بە پێی کات و شوێن خۆی بگۆڕێت. رۆڵی چەندین کارەکتەری تر ببینێت، کە نادیارن)(الیاس و حسن: ٢٠٠٦، ٤٩٣). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کارەکتەر لە دووتوێی نمایشکردنیدا دەبێ خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت و سیفاتی هەمەجۆر بێت، کە جیاواز بێ لە کارەکتەرێکی ئاسایی، چونکە کۆمەڵێك ئەرك و رۆڵی جیاواز دەگێڕێت. تەنانەت هەندێکجار لە کاتی دیالۆگدا قسە لەگەڵ تابلۆیەك، یان پارچە پۆشاکێکدا دەکات، یان جاری وا هەیە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کەسانی نادیاردا دەکات.

ئەمەش وایکردووە، کە (کارەکتەرەکان بەردەوام لە گۆڕان و بازداندان و، ئەو هەموو هەست و سۆز و بیر و هەڵچوون و سۆزە، کە هەمیشە لە نێوان هەڵکشان و درێژبوونەوەدان، لەنێوان بێدەنگیی و هاوارکردن، لاوازیی و بەهێزیی، بێزاریی و گەشبینییدایە، هەڵدەگەڕێتەوە)(یونس: ١٩٩٩، ٢١٦).

سەبارەت بە پێناسە و خستنەڕووی مۆنۆدرامادا لەگەڵ ئەو چوارچێوە تایبەتییەی کە هەیەتی لە بواری رەخنەشدا، رەخنەگران و شارەزایان گەلێك پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە، کە هەر هەموویان لە دووتوێی بازنەیەکدا دەسوڕێنەوە. بۆ نموونە (سمیر عبدالحیم الچلبي) دەڵێت: ((مۆنۆدراما ئەو جۆرە درامایەیە، کە تەنها یەك کارەکتەر رۆڵی تێدا دەبینێت و، درامایەکی تەواویشە و لە کۆمەڵێك رەگەز پێکهاتووە و، هەر ئەو کارەکتەرە هەموو کارەکان جێبەجێ دەکات))(الچلبي: ١٩٩٣، ١٥٥ ـ ١٥٦). هەروەها (محەمەد مستەفا قەرەداغی) ش لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر)دا بەم شێوەیە پێناسەی مۆنۆدراما دەکات و دەڵێت: ((شانۆییەکە، تەنیا تاکە ئەکتەرێك رۆڵی تێدا دەبینێت))(قەرەداغی: ٢٠١٢، ٩١).

هەروەها هەندێکی تر لە رەخنەگران پێیان وایە، کە مۆنۆدراما ((ئەو جۆرە درامایەیە، کە تەنها یەك کارەکتەر ژن بێ، یان پیاو رۆڵی تێدا دەگێڕێت لە ژمارەیەك لە کۆرس، یان مۆسیقا، ئەویش لە هەندێکجاردا))(الیاس و حسن: ٢٠٠٦، ٤٩٣). واتە ئەم جۆرە درامایە، تەنیا تایبەت نییە بە پیاو، بەڵکو ژنیش دەتوانێ هەمان رۆڵ و ئەرك ببینێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەتوانا بێت.

هەروەها هەندێکی تر لە رەخنەگران و شارەزایان دەڵێن: ((مۆنۆدراما ئەو جۆرە درامایەیە، کە ئەگەر ئەکتەرێکی بەسەلیقە و خاوەن بەهرە رۆڵی تێدا نەگێڕێ، ئەوا شانۆییەکە سەرکەوتوو نابێت))(یونس: ١٩٩٩، ٢١٦). کەواتە هەر کارەکتەرێك بیەوێ لەم جۆرە درامایەدا نواندن بکات و رۆڵ ببینێت، دەبێت خاوەن شارەزایی و توانایەکی نموونەیی و بێ وێنە بێت، ئەگینا سەرکەوتوو نابێت.

## ـ بنچینەکانی گێڕانەوە لە درامـــای مۆنۆدرامـــادا

لەگەڵ ئەوەی هونەری مۆنۆدراما پشتیوانیی لە شێوازەکانی گێڕانەوە (جووڵە، مۆنۆلۆگ و دیالۆگی ناوخۆیی) دەکات، دەبینین خاوەنی کۆمەڵێك بنچینەی گێڕانەوەی تایبەتیشە، لەوانە وەکو:

((١- هۆیەکانی بیستن (مۆسیقا وەک کاریگەریی دەنگ).

٢- هۆیەکانی تەکنیکی شانۆیی (ماسك و جلوبەرگ و بووکەشووشە).

٣- ئێکسسوار و سینۆگرافیا (وێنە و تەلەفۆن و نامە).

٤- تەکنیکی ئاوێنە، ئاوێنە لە مۆنۆدرامادا دەبێتە ئەو بۆشاییەی نێوان خەیاڵ و وێنەی واقیع))(یونس: ١٩٩٩، ٢١٧).

بێگومان، هەموو ئەو خەسڵەت و بنچینانەش کە دەبنە هۆی زیاتر دەوڵەمەندکردنی گێرانەوەی رووداو و بەسەرهاتەکانی نێو دەقە درامییەکە بەشێوەیەکی هونەریی، بە جۆرێك لە جۆرەکان، بەها و نرخێکی زیاتر بە بونیادی دەقە درامییەکە دەبەخشێت.

## ـ تایبەتمەندییەکانی هونەری مۆنۆدراما

هونەری مۆنۆدراما خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی خۆیەتی، کە جیایدەکاتەوە لە شێوە و هونەرەکانی تری دراما لەوانەش:

((١- نووسین: مۆنۆدراما نزیکدەبێتەوە لە شانۆی ئاسایی، بەهۆی شێوازی خۆدەرخستن و خستنەرووی بابەتە رەسەنەکان و بەرز و نزمیی لە گفتوگۆکاندا، بەڵام بە خوێندنەوەی دەقە هونەرییە شانۆییەکە تێدەگەین شێوازی دابەشبوونی رۆڵەکان ئەم جیاوازییە دەردەخات و، بەڕوونی هەستی پێدەکەین.

٢- بابەت: زۆربەی کات بابەتی مۆنۆدراما کارەساتبارانەیە، دەربڕی ژیانێکی ناخۆش و دژواری خۆییە.

٣- کات: کات لە مۆنۆدرامادا داستانئامێزە. واتە کۆمەڵێك ئاستی جیاواز لە خۆدەگرێت، بەڵام لە ئێستادا دەتوانرێ بەپێی دەقەکە کاتە کۆن و نوێکان رێك بخرێن و، مافی خۆیان پێبدرێت هەتا مەبەستەکە بگات.

٤- شوێن: لە مۆنۆدرامادا شوێن فرە ئاستە. ئەکتەر بەپێی شوێنەکە رەنگ و رووی دەگۆڕێت و، دەیگونجێنێت لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوە و تێرامانەکاندا.

٥- زمان: دەقی مۆنۆدراما پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت و، دەستەواژەی فرمانی رابردوو بەکاردێنێت، چونکە زۆرتر پشت بە بیر و هەست دەبەستێت.

٦- کەسایەتییەکان: دەقی مۆنۆدراما پشت بە یەك کەس دەبەستێت، دەبێت ئەو کەسەش چالاك و گورج و زیندوو بێت.

٧- ململانێ: ململانێ رووداو لەناو مۆنۆدرامادا دروست دەکات و بەرز و نزمیی دەخوڵقێنێ، بگرە و بەردە سازدەکات و جۆرێك لە ململانێی راستەقینە دروست دەبێت لەناو کەسایەتییەکانی ناو مۆنۆدرامییەکەدا. تەنانەت زۆرجار بەریەککەوتن و دژ بەیەکیی دروست دەبێت لە نێو ململانێکاندا، ئەمەش کرۆکی مۆنۆدرامایە.

٨- دەرهێنان: پێویستە دەرهێنەری مۆنۆدراما توانایەکی باش و تایبەتی هەبێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ دەقێکی زۆر تایبەتدا دەکات و، پێویستە رۆڵەکان دابەش بکات بەسەر یەك ئەکتەردا و، ئەو رۆڵ بینینەش لە شوێنێکی دیاریکراودا بەرجەستەی دەکات.

٩- نواندن: ئەکتەری مۆنۆدراما ئەو ئەکتەرەیە لە جۆری تایبەتە و کەرەستەی تایبەتی پێیە، تا ببێت بە نێوەندگیر لەنێوان دەقە شانۆییەکە و بینەری شانۆگەرییەکەدا، چونکە هەڵگری پەیام و ئامانجی دەقە شانۆییەکەیە و، تاکە پاڵەوانی مۆنۆدراماکەیە و هەر خۆیشی ئەرك و ماندووبوونەکەی دەکەوێتە سەرشان و هەرخۆیشی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە و، ململانێی ناو شانۆگەرییەکە بەردەوام دەکات لە سەرەتاوە تا کۆتایی. هەر خۆی بە تەنیا رووبەڕووی بینەر دەبێتەوە و پەیامەکەی دەگەیەنێتە بینەر)(عەلی: ٢٠١٦، ٢٩٣ ـ ٢٩٧).

ـ سیفەتەکانی کارەکتەر لە هونــەری مۆنۆدرامــادا

وەک لەپێشـتردا ئاماژەمـان پێدا، کارەکتـەری مۆنۆدراما یـەک کارەکتەرییـە و دەبێـت چەنـد سـیفەت و تایبەتمەندییەکی خـۆی تێدابێـت، تـا بتوانێـت لـە رۆڵەکەیـدا سـەرکەوتوو بێـت و هونەرمەندانـە نواندنەکانـی خـۆی جێبەجـێ بـکات لەوانـەش:

((١- پێویستە خاوەن بەهرە و بەسەلیقە بێت.

٢- تەکنیکێکی بەهێزی هەبێت.

٣- لەش و لارێکی نەرم و لەباری هەبێت.

٤- لە گۆڕینی هێما و دەنگ دا، توانایەکی گەورەی هەبێت.

٥- خاوەن خەیاڵێکی فراوان بێت، چونکە رۆڵەکان و رووداوەکان جۆراوجۆرن)(یونس: ١٩٩٩، ٢١٦).

لـە راسـتیدا، هەمـوو ئـەم سـیفاتانەش بـۆ ئەوەیـە، کـە کارەکتـەر بتوانێـت سـەرنجی بینـەر بـەلای خۆیـدا ڕابکێشـێ و، کاریگەرییـان لەسـەر دروسـت بـکات و، دەقـە دراماییەکـە بەشـێوەیەکی زینـدوو پێشـکەش بـکات و، پەیامەکـەی بگەیەنێـت.

ـ بـەشـــی دووەم :

## ـ ســیما و خـەســـڵـەتی کـارەکتـــەر لــە بونیادی دەقی مـۆنـۆدرامـــای (قـەفـــەز)دا

کارەکتـەر رەگەزێکـی سـەرەکیی و بنەڕەتییـە لـە هەمـوو دەقێکـی دراميـی دا و، ڕۆڵـی بەرچاویشـی هەیـە لـە بونیادنانـی درامـادا. ئەمـە جگـە لـەوەی پەیوەندییەکـی بەتیینیشـی لەگـەڵ رەگـەزە سـەرەکییەکانی دیکـەی دراماشـدا هەیـە و پێکـەوە کار لەیـەك دەکـەن و درێـژە بـە پرۆسـەی گێڕانەوەکـە دەدەن. هەربۆیـە هەبوونـی ئـەو رۆڵ و گرنگییـەی کارەکتـەر بەسـەر رەگـەزە سـەرەکییەکانی دیکـەی دراماوە، وا لـە درامانـووس دەکات، کـە گرنگییەکـی تایبەتیـی بـە رەگـەزی کارەکتـەر بـدات و بـە وردی کاری لەسـەر بـکات. واتـە؛ (بینـای کەسـەکان لەلایـەن نووسـەرانەوە، کـە هەمیشـە مایـەی بایەخپێـدان و گرنگیپێـدان بـووە، نـەك لـە رێبازێکـەوە بـۆ رێبازێکـی دی، بەڵکـو تەنانـەت لـە نووسـەرێکەوە بـۆ نووسـەرێکی تریـش جیاوازیـی تێکەوتووە)(سـابیر: ٢٠٠١، ١٤١).

ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت، کـە هیـچ دەقێکـی دراميـی بـە بـێ بوونـی کارەکتـەر بونیـاد نانـرێ، چونکـە سـەرجەم رووداو و بەسـەرهاتەکانی نێـو دەقەکـە پەیوەندییـان بـە ژیـان و کار و چالاکییەکانـی کارەکتـەرەوە هەیـە. تەنانـەت رەگەزەکانـی تـری وەکـو: (کات و شـوێن و ململانێ...هتـد). (هـەر هەموویـان بـۆ دەرخسـتنی کەسـایەتیی کارەکتـەر دادەمەزرێن)(ئەڵوەنـی: ٢٠٠٩، ٩).

کەواتـە خسـتنەڕووی کارەکتەریـش لـە نێـو هـەر دەقێکـی دراميـی دا لـە رووی پێدانـی ئـەرك و رۆڵـەوە پەیوەندیـی بـە لێهاتوویـی درامانووسـەوە هەیـە و، (ئـەم لێهاتووییـەش خـۆی لـە هەڵبـژاردن و بونیادنـان و پێشکەشـکردنی کارەکتەرەکانیـدا دەبینێتەوە)(شـێخانی: ٢٠١٤، ١٨)، کـە چـۆن ئـەو کارەکتەرانـە هەڵدەبژێرێـت و ئـەرك و چالاکیـان پێـدەدات؟

لەوچوارچێوەیـەدا و لـە میانـی خسـتنەڕووی رۆڵـی کارەکتـەر لـە بنیـادی دەقـی دراميـی دا، دەبینیـن لـە دەقێکـەوە بـۆ دەقێکـی دیکـە جیـاوازە. واتـە مـەرج نییـە لـە هەمـوو دەقێکـی دراميـی دا رۆڵ و ئەرکەکانـی کارەکتـەر دابەشـبوو بێـت بەسـەر کارەکتەرەکانـدا و ژمارەیـەك کارەکتـەر بوونیـان هەبێـت، بەڵکـو بەپێـی جـۆر و بونیـادی دەقـە دراماییەکـە

دەگۆڕێت. بۆ نموونە درامای وا هەیە تەنیا لە یەك کارەکتەر پێکهاتووە، بەڵام هەموو ئەرك و رۆڵبینینەکان تەنیا هەر ئەو کارەکتەرە دەیبینێت، هەروەکو لە دەقی مۆنۆدرامادا بەرچاو دەکەوێت، کە خەسڵەت و سروشتی ئەم جۆرە درامایە وەهایە، کە تەنیا یەك کارەکتەری تێدایە و هەموو رۆڵەکانیش دەبینێت و، بەخێرایی و بەپێی رەوتی رووداوەکان لە رۆڵبینینێکەوە بۆ رۆڵبینینێکی تر دەچێت و سەرجەم کاری نواندنەکە بەجێدەهێنێت. نموونەی ئەمەش وەکو دەقی درامیی مۆنۆدرامای (قەفەز)ی عەبدوڵڵا سەراج، کە تەنیا یەك کارەکتەری تێدایە و هەموو ئەرك و رۆڵبینینەکانی تری ناو دراماکە دەبینێت و جێبەجێیان دەکات.

بۆ ئەو مەبەستەش (دەرهێنەری مۆنۆدرامیی گەلێ جار بە دابەشکردنی دەور لەنێوان تاکە کەسی ئەکتەر و فیگەرەکاندا دیسپلینی شانۆی مۆنۆدراما پەیڕەو دەکات، کە لە زۆربەی شوێن و کاتدا لە گێڕانەوەی ململانێ لە نێوان خودی ئەکتەر و دەرچوونی تاکڕەوانەی نواندن دادەشۆرێ و، دەرهێنەری ئەو مۆنۆدرامییە ئاخاوتن بەیەك رەهەندی سەرەکیی و چەند رەهەندێکی ناوەندی شانۆیی دەخاتە ناو دەم و دووی فەزای ئەکتەرەوە، وەك دیکۆر و مۆسیقا و رەنگ و رووناکی و جووڵەی پاشخان دا، ئارایشت و جل و بەرگ بەرانبەر جووڵەی ئاماژەیی ئەکتەر، ئەو کاتە خۆی پاڵەوان نابێت، بەڵکو سەرقافڵەی جووڵێنەری کۆمەڵێکی یەکگرتووی فیگەرەکانی ناو فەزای شانۆ دەبێت بۆ دروستکردنی هەستێکی بزوێنەری جەماوەر)(حەمەد: ساڵ نییە، ٣٢٠ ــ ٣٢١).

بۆ نموونە ئەوەتا (بەرگ شڕێك)، کە تەنیا کارەکتەری نێو دەقەکەیە کۆمەڵێك ئەرك و رۆڵی جیاواز دەبینێت و (لە نێوان بینەرانەوە بە نارەزایی دەچێتە سەر شانۆ و بە هەر دوو دەستی وا نیشان دەدات، کە پەردەی شانۆکە لادەبات، زەردەخەنەیەك دەیگرێ)(سەراج، ٢٠١١، ١٠٥).

ئەم کارەکتەرە لەسەرەتاوە بەشێوەی مۆنۆلۆگ رۆڵ دەبینێت و لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات و دەڵێت: (باشتر، ئەم ئەرکەشمان لەکۆڵ بووەوە. (لە چەقی خۆیدا دەسوڕێتەوە)... خۆزگە زۆر شتی تریش لادەچوو. (وەکو لەگەڵ کەسێکدا بدوێ .. وەك؟) وەکو زۆر شت، وەکو لابردنی رووپۆش، وەکو گفتوگۆی درێژدادڕانە (ئاماژە دەکات)، وەك ئەم هۆڵە)(سەراج: ٢٠١١، ١٠٥). وەك دەبینین، (بەرگ شڕ) بەو شێوەیە لەگەڵ دەروونی خۆیدا قسەدەکات و پرۆسەی مۆنۆلۆگ بەرجەستەدەکات، کە (لە مۆنۆلۆگی ناو دەقدا، تاك قسەدەکات و هەمان ئەو تاکەش گوێگرە، بۆیە ئەو کێشەیەی پاڵەوان، یان کارەکتەر لێی دەدوێ کێشەی خودی پاڵەوان، یان کارەکتەرەکەیە و ئەو دەیەوێ خۆی بابەتەکە چارەسەربکات دوور لە وەرگرتنی بۆچوونی ئەوانی تر، یان رێگەدان بە خۆ تێهەڵقورتاندنیان))(حاجی: ٢٠٠٩، ٢٤١).

هەرچۆنێك بێت بوونی کارەکتەر وەك بنەمایەکی هونەری مۆنۆدراما زۆر پێویستە، بۆئەوەی بتوانێ رۆڵی خۆی بنوێنێ بەسەر رەوتی رووداوەکاندا، تا بەهۆیەوە ((خوێنەر، یان گوێگر بە دیاردە و هەڵسوکەوت و ناخی کارەکتەر ئاشنا بێت و پەردە لەسەر نهێنییەکانی کەسێتیی لابچن، کە لەنێو چیرۆکەکەدا لەلایەن نووسەرەوە بە پێی گۆشەنیگای تایبەتی خۆی خراوەتەڕوو)(رەسووڵ: ٢٠١٢، ١٩٥)، کە بەشێوەی مۆنۆلۆگە.

ئیتر بەوشێوەیە (بەرگ شڕ) بە پێی رەوتی رووداوەکانی نێو دەقەکە، زیاتر لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەدوێ و سەرقاڵ دەبێ و، هەر لەهەمان چوارچێوەی ئەرك و رۆڵدا دەیەوێ راز ونیازەکانی خۆی لە رێگەی بەکارهێنانی خەیاڵەوە پیشان بدات، بەڵام قسە و ئاخاوتنەکانی ئاراستەی درامانووس و دەرهێنەری دراماکەیە و، تێیدا باسی کەموکورتییەکانیان دەکات، هەروەکو دەڵێت: (بیرم چوو بڵێم، کە نووسەر هیچ پرۆژەیەکی نییە بۆ ئەم شانۆگەرییە، پێم گوت: ئەی چۆن؟ وتی دەچێتە سەرشانۆ و هیچی تر. وتمەوە: دوایی...!! وتیەوە خۆی مەیسەر

دەبێ، پاشان دەمی پرسیارم لە دەرهێنەر نا، ئەویش بەهانامەوە نەهات)(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٥).

وەك ئاشكرایە، كارەكتەر (كاتێك قسە لەبارەی ئەو كێشانە دەكات كە هەیەتی، ئەوا راستەوخۆ هەست بە ئاسوودەیی دەكات و هەتا رادەیەك هەست بە بوونەوەی گرێ كوێرەكانی ناوناخی دەكات، بەڵام لەوانەیە هەندێ شت هەبن لەوە نهێنیتر بن مرۆڤ بتوانێ بە ئاشكراو لەگەڵ ئەوانی تر لێیان بدوێ و، لە هەمان كاتیشدا پێویستی بە قسەكردن هەیە بۆئەوەی هەست بەو ئاسوودەییە بكات، كە بەهۆی قسەكردنەوە بۆی دەڕەخسێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر قسەكردن، بەڵام قسەكردن لەگەڵ خۆی، نەك لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەمەش وایكردووە پەیوەندیی هەبێت لە نێوان مۆنۆلۆگ و سایكۆلۆژیادا)(حاجی: ٢٠٠٩، ٢٤٢).

كەواتە، كارەكتەر بەپێی بیردۆزی شیكردنەوەی دەروونیی دەقی دراما، خۆی لە خۆیدا بەشێكە لە لێكدانەوەی نائاگایی، كە بۆ كاری خستنەپاڵی تەوەرەیەكی دەروونیی راڤەكراوە ((بەتایبەتی لە شاكاری مۆنۆدرامیی و زمانی مۆنۆدرامیی، وەك بەرجەستەكردنی كەرەستەیەك دەوەستێتە سەر دەربڕینی زمان و جووڵەی لەش. گەلێک جاریش دەلالەتی دەروونیی پێچەوانە دەكاتەوە)(حەمەد: ساڵ نییە، ٣٢٠). تەنانەت كارەكتەر بە یەكێك لە بابەتە هەرە گرنگەكانی بواری سایكۆلۆژیا دادەنرێت، كە پەیوەندی راستەوخۆی بە ئامانجی سەرەكیی سایكۆلۆژییەوە هەیە و، (بریتییە لە رێكخستنێكی دینامیكیی فرمانە دەروونییە فسیۆلۆژییەكان، كە ئاستی گونجاندنی تاكێک دیاری دەكەن لەو ژینگەیەی كە تیایدا دەژیی))(جەمال: ٢٠١٢، ٢٠٧).

ئیتر، بەم شێوەیە (بەرگ شڕ)، كە تەنیا كارەكتەری نێو مۆنۆدراماكەیە، هەتا سنورێكی دیاریكراو لە رێی سوودوەرگرتن لە رەگەزی مۆنۆلۆگ درێژە بە كار و جووڵەكانی دەدات و بەشێك لە ئەركەكانی جێبەجێدەكات، بەڵام هەر بەوەندەوە ناوەستێ، بەڵكو دەركەوتنی كارەكتەر لە دەقی مۆنۆدرامادا بەپێی ئەو ئەركانەی، كە دەكەوێتە سەرشانی لە كۆمەڵێك ئەرك و رۆڵی جیاوازدا دەردەكەوێ، كە پەیوەستن بە رەوتی رووداوەكانەوە و، هەتا چەند كاریگەریی بەسەر رووداوەكانەوە دەبێت.

هەر بۆیە، ئەوەتا (بەرگ شڕ) لە میانی رۆڵ بینینەكانیدا رۆڵێكی دیكە دەبینێت و لە قاڵبی مۆنۆلۆگ دەردەچێت، ئەویش ئەوەیە روودەكاتە بینەرانی شانۆییەكە و راستەوخۆ قسەیان لەگەڵدا دەكات، هەروەكو دەڵێت: (ئێوە، تەنیا سەری گرۆڵەكەم بدەنێ و ئەو دوای لە ئەستۆی من. نامەوێ هەرخۆم بم، هیچ كارێك بە تاك ناچێتە سەر (بێدەنگی) مەبەستم لە كاری مەزنی گەلەكییە. دیارە، كەسێك بیری بۆ باسێك، خواسێك ناچێت!! یان نایەوێ بیدركێنێ! نا.. نا.. هیچ مەترسن. ئێوەی هێزا دەبێت لێرەدا، نوێنەری راستەقینەی وتن و دەربڕیین بن، ئەگینا هەمووتان، منیش هەر دانەیەكمان ئێسكەیەكین و جۆرەها شەپۆلی كورت، ناوەندی و درێژ و.. هەیە بۆ پەخش و بڵاوكردنەوە! (بێدەنگی) بێدەنگیتان بە كارگەی سەهۆڵ دەكات! ئەگەر هیچتان لە باردا نییە، بەمن پێبكەنن، بەخۆتان.. بەم دیوارانە و بەم شانۆیە))(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٥ ــ ١٠٦).

ئیتر، بەم شێوەیە (بەرگ شڕ) بە كۆمەڵێك گرتە و لێدوانی جیاواز لەگەڵ بینەراندا بەردەوام دەبێ ، بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ بینەرێك وەڵامی بداتەوە، بەڵكو هەر خۆی بە تەنیا قسەیان لەگەڵدا دەكات و رۆڵ دەگێڕێ و لە میانی نمایشەكانیدا كۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆریش دێنێتەكایەوە و ئاماژەیان پێدەدات. بۆ نموونە ئەوەتا جارێك باسی رۆڵ و گرنگیی (كات) دەكات، هەروەكو دەڵێت: (بریان كات دەستارێكە، دەمێک برسییە و ژیانمان دەكرۆژێ.. دەمانجاوێ.. دەمانهاڕێ. دەمان... دەمێكە لە سروشت رادەمێنم. خۆر لە سوڕانەوەیدا رۆژی سێسەد و شەست هەزار ملیۆن تەن لە كێش كەمدەكات))(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٦).

دیارە، (بەرگ شڕ) لێرەدا زیاتر مەبەستی لە کاتی فیزیکی (سروشتیی)ە، کە ئەم جۆرە کاتانە خۆی لە خۆیدا (ڕێچکەیەکی دیاریکراوی هەیە و ئەویش ئەوەیە، کەوا هێڵێکی ئاسۆیی دروست دەکات و، هەمیشە بەرەوپێش دەچێت و خاڵی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی هەیە))(سابیر: ٢٠٠١، ٢٨٠). واتە ((کاتی فیزیکیی هەموو ئەو کاتانە دەگرێتەوە، کە ڕووداو تێیدا ڕوودەدات، وەك ئاماژەدان بە ساڵ و مانگ و ڕۆژ و سەعات. ئەو جیاوازیانەش، کە پەیوەندییان بە گەردوون و گۆڕانکارییە سروشتییەکانەوە هەیە، وەك جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ، هەفتە و مانگ، کە وەرزەکانی ساڵی لێدەکەوێتەوە)(شێخانی: ٢٠١٤، ٢٤٨) و مرۆڤیش هەموو ژیانی تێدا بەسەردەبات. تەنانەت ئایدیالییەکانیش باوەڕیان وایە، کە (کات بەدەر لە مرۆڤ، بوونی نییە و تەنیا لە زەینی مرۆڤدا هەستی پێدەکرێت و، کاتێکیش مرۆڤ لەناوچوو، ئەوا کاتیش نامێنێ، هەر ئەوەشە وای لە فەیلەسووفە ئایدیالییەکان کردووە، کە چەمکی کات لەگەڵ چەمکی حەقیقەت دا بە دووربگرن و ڕەهایی بە کات بدەن)) (حاجی: ٢٠٠٩، ١٠٩).

بەم شێوەیە، (بەرگ شڕ) لەگەڵ بەردەوامبوونی لە باسکردنی ڕۆڵ و گرنگیی کات دا، لەپڕ و هەر لە دووتوێی هەمان ڕۆڵبینیندا لەگەڵ بینەراندا باس لە دیوێکی تری گرنگیی (کات) دەکات لە ڕووی زانستییەوە، کە ئەویش مەسەلەی خێرایی تیشکە، هەروەکو دەڵێت: (خێرایی تیشك، سەد و هەشتا و شەش هەزار میلە لە چرکەیەکدا و... ئەو تیشکەی، کە لە دوورگەکانی ئاسمانەوە پێمان دەگات سەد و چل ملیۆن ساڵی تیشکی بەسەردا چووە، تا دەگاتە بیلبیلەی چاومان)(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٦). وەك دەبینین، (بەرگ شڕ)، کە تاکە کارەکتەری نێو دەقەکەیە خاوەن پاشخانێکی زانستیی هەمەڕەنگە و، توانا و بەهرەیەکی باشی دەربارەی کات و پێکهاتەکانی گەردوون هەیە و، دەیەوێ لە ڕێی ڕۆڵبینینەکەیەوە هەموو ئەو زانست و زانیاریانە بە بینەرەکان بدات، یاخود ئەگەر هەمان ئەو زانیاریانەشیان لابێ بە بیریان بهێنێتەوە.

بێگومان، هەبوونی ڕێژەیەکی باش لە هەموو زانست و زانیارییەك لای کارەکتەر، نیشانە و بەڵگەن بۆ زیرەکیی و توانای کارەکتەر، کە لە میانی ڕۆڵ بینینەکەیدا توانیویەتی هێندەی تر سەرنجی بینەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤی زیرەك و خاوەن زانست و زانیاریی هەمیشە تێڕوانین و بۆچوونەکانی جیاوازترن و کاریگەریی زیاتریان لەسەر دەوروبەرەکەیان هەیە. هەربۆیە هەبوونی (زانست و زانیاریی پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤە زانا و نەزان و ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیرەکان لەگەڵ یەکتردا. هەروەها بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگا پێشکەوتوو و کراوەکان لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و داخراوەکان)(پێندرۆیی: ٢٠١١، ١٤).

پاشان هەر لە دووتوێی ئەو گفتوگۆیانەیدا، کە ئاڕاستەی بینەرانی دەکات، لەپڕ کرۆک و بابەتی گفتوگۆیەکانی دەگۆڕێ و باسی چوونە نێو بازاڕی لەنگەفرۆشان دەکات، کە مەبەستییەتی لەوێ قەفەزێکی باڵندە بکڕێ، بەڵام ناوبەناویش بە بەکارهێنانی ئیشارەتی پەنجەی قسە لەگەڵ هەندێك لە بینەرانی نێو شانۆکە دەکات. بەوەش توانیویەتی سوود لە هونەری ئاماژەدان وەربگرێ، کە (جۆرێکی دێرینی دەربڕینە لەگەڵ مرۆڤ و سەرەتای شارستانێتییەوە سەریهەڵداوە و هەمیشە کانگایەکی چڕی دەربڕین بووە))(حەمەد: ٢٠١٢، ٢٩). هەر بۆیە بەکارهێنانی ئیشارەت لە لایەن مرۆڤەوە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر (گوزارشتکردن لە هەندێك حاڵەتی پابەندبوون بە ناوەوەی خود و نەست و ئارەزووی نامۆبوون و گوزارشتکردن لە بابەتە شاراوەکانی نێو دەروون) (حەمەد: ٢٠١٢، ٢٩).

لەو ڕووەشەوە (بەرگ شڕ) مەبەستیەتی بە هەر شێوەیەك بێت، بینەران لە هەندێك حاڵەتی ژیانی ڕۆژانەیان

ئاگاداربکاتـەوە و بەبیریـان بهێنێتـەوە. هەروەکـو دەڵێـت: (بـەر لـە هەفتەیـەك چوومـە هەڕاجخانـە بۆئـەوەی... خەنـدەی نـاویَ... بۆئـەوەی قەفەزێـك بکـڕم.. ئـا قەفـەز.. بـۆ چیمـە؟ منیـش وەکـو ئێوە خـوو مـەراق و ئـارەزووی خۆم هەیـە. لەوانەیـە (پەنجـە بـۆ بینەرێـك درێـژدەکات) لەوانەیـە تـۆ، پوولـی پۆسـتە کۆبکەیتـەوە (پەنجـە دەگوازێتـەوە بـۆ بینەرێکـی دی) تـۆش رەنگـە... زۆر رەنگـە... مەراقـی پـوول کۆکردنـەوە بیـت. (پەنجـەی ئاڕاسـتەی یەکێکـی تـر دەکات) لەوانەیـە تـۆش کەوبـاز بیـت... ئەویـش گوڵبـاز بـێ و... (پەنجـەی دەگوازێتـەوە) ئەویـش... بـاز بێـت و قاوەڵتـی بـە سـی و جەرگـی مەلۆچکـە و کەناریـی بکات))(سـەڕاج: ٢٠١١، ١٠٧).

ئیـتر (بـەرگ شـڕ) بـەو شـێوەیە و بـە خەیاڵـی خـۆی بـەردەوام دەبێـت لـە نێـو چوونـە نێـو بـازاڕی لەنگەفرۆشـان و لەگـەڵ کابرایەکـدا دەکەوێتـە گفتوگـۆ و قسـەکردنەوە، وا دەزانـێ ئـەو کابرایـە قەفەزفرۆشـە، لەگەڵیـدا دەکەوێتـە سـەودای مامەڵەکـردن و کڕینـی قەفەزێـك، بـەڵام بـە هیـیچ شـێوەیەك ناتوانـێ بڕیـاری تـەواو لەسـەر جـۆری قەفەزەکە بـدات، کـە بـۆ چ جـۆرە باڵندەیەکـی دەویَ؟ چونکـە لـە دووتوێـی مامەڵەکردنەکەیـدا دەکەوێتـە جۆرێـك لـە گومـان و ڕاڕایـی و دوودڵییـەوە، هەروەکـو دەڵێـت: (کابرایەکـی پەککەوتـەی هەراجخانـە، چـاوی پرسـیاری لێنـام، چ جـۆرە قەفەزێکـت دەویَ؟ (ئێسـتێك) ئـەوەی ڕاسـت بێـت... دامـام! چونکـە هەتاکـو ئـەو کاتـەش بڕیـاری ئـەوەم نەدابـوو، کـە چ باڵندەیـەك رابگـرم! وتییـەوە: ڕکـەی کـەو لـە شـوڵك دروسـت دەکرێـت. بولبـول و قومریـش دەخرێنـە قەفـەزی تـەل و ئاسـنەوە. منداڵانیـش، کوڕکـوڕ و سوێسـکە لەنـاو تەختەبەنـد بەخێودەکـەن و... زۆری ڕێسـا لەبـارەی ڕاوەکـەو و.. قەفـەز و.. چۆنیەتـی دروستکردنیان))(سـەڕاج: ٢٠١١، ١٠٧).

وەك دەردەکەوێـت، کارەکتـەر لـە نێـو بارودۆخێکـی دەروونـی دژوار و ناهەمـوار و ململانێیەکـی سـەختدایە لەگـەڵ دەروونـی خۆیـدا، لەبەرئـەوە ئـەم جـۆرە کەسایەتییە جۆرێکـە لـە کەسـێتی خولیـی، کـە (لـە سـیفەتەکانیدا زۆر لـەو کەسـانە دەچێـت، کـە تووشـی خەمۆکیـی جـووت جەمسـەر بـوون، چونکـە مەزاجیـان بـەردەوام دووچـاری گـۆڕان و هەڵگەڕانـەوە دەبێـت، سـاتێك لەوپـەڕی چالاکیـی و دڵخۆشـیدان و سـاتێکیش تووشـی خەمۆکیـی و سسـتیی دەبـن، بـەڵام بـە گشـتیی کەسـانی سـادە و دڵسـافن و مامەڵەیـان لەگـەڵ کەسـانی دەوروبـەردا باشـە و کەسـانی بێوەیـن لـە نـاو کۆمەڵگەدا)(جەمـال: ٢٠١٢، ٢٢٧).

مخابـن، لەدواجـاردا (بـەرگ شـڕ) لـە میانـی مامەڵـە و کڕینـی قەفەزەکـەدا، کـە ناتوانێـت بڕیـاری کۆتایـی لەسـەر بـدات بـە نائومێدیـی دەگەڕێتـەوە، هەروەکـو دەڵێـت: (ئـەوەی سـەرنجی ڕاکێشـام، ئەوەبـوو، کـە کابراکـە فـرۆش نەبـوو! هەراجخانەکـەش لـەو جـۆرە قەفـەزەی تێدانەبـوو! مایـە پـووچ گەڕامـەوە. مێشـکم ئاڵـۆز بـوو، هەروەکـو لەنـاو قەفەزێکـی گەورەدابـم!! ئـا... لـەو ڕۆژەوە، نەفرەتـم لـە قەفـەز و قەفـەزوان کـرد، هەروەکـو داوێـك بێـت و بەقایچـی (بـە دوو پەنجـەی ئامـاژە بـۆ مەقـەس دەکات) بقرتێنـدریَ، ببـڕای ببـڕای کـۆگای مێشـکم، لـەو خـووەوە دووره پەرێـز وەستا))(سـەڕاج: ٢٠١١، ١٠٧).

پاشـان، (بـەرگ شـڕ) هـەر لـە میانـی ڕۆڵبینینـە جیاوازەکانیـدا دێتەسـەر تـەوەر و باسـێکی تـر، کـە هـەر ڕووی لـە بینەرانـی هۆڵـە شـانۆییەکەیە و تێیـدا بـاس لـە جیاوازیـی چینایەتیـی دەکات، کـە کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـی لەسـەر بونیادنـراوە، ئەوانیـش بریتییـن لـە هـەردوو چینـی دەسـەڵاتدار و بـێ دەسـەڵات. لـەو چوارچێوەیەشـدا، هەمیشـە چینـی دەسـەڵاتدار بـە هـەر بیانوویـەك بووبێـت لـە هەوڵـی چەوسـاندنەوەی چینـی هـەژار و بـێ دەسـەڵاتدان ،کـە نموونـەی ئەمـەش هـەر لـە نێـو بینەرەکانـدا دەخاتـەڕوو، کـە (بـەرگ شـڕ) ڕوو دەکاتـە بینـەران و بـاس لـە دیـاردەی زوڵـم و سـتەم و دەسـت ڕۆشـتوویی دەسـەڵاتداران دەکات، کـە چـۆن غـەدر لـە هـەژاران دەکـەن و سـتەمیان لـێ

دەکەن.

ئەو دیاردەیەش بە وێنایەکی گەورەی خێزانی ماسی گەورە و بچووك دەچوێنێ، کە مخابن و سروشتیی کارەکە هەر لە ئەزەڵەوە بەو شێوەیە بووە، کە ماسییە گەورەکان، هەمیشە لە هەوڵی خواردنی ماسییە بچووکەکاندان. واتە هەر لەناو بینەراندا خەڵکانی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە و هەژاریش هەن، کە چینی دەسەڵاتدارەکە هییچ کاتێک و، بەهیچ شێوەیەك چاویان بە کەسانی هەژار و بێ دەسەڵاتدا هەڵ نەهاتووە و هەمیشە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناون و بەکاریان دەهێنن و دەیان چەوسێننەوە، هەروەکو دەڵێت: ( هەموومان... ماسیین. من، تۆ، ئەو، ئەویش (پەنجە بەناو هۆڵەکەدا دەگێڕێت) ئەویش، ئەویش، ئەویش... (هەناسەبڕکێ دەیگرێ) هەموومان ماسیین... ماسیین... ما.. س.. ما.. (چوارمشقیی دادەنیشێ. ناوچەوانی بە کراسەکەی وشکدەکاتەوە) ماسیین. گەورەکانمان، وردەکانمان قووت دەدەن، هەڵیان دەلووشن. ئەوەشی سەرئاو کەوت، دوو ئەنجامی هەیە. (پرسیار، لە بینەرێکی پێشەوە دەکات) فەرموو، ئەنجامی یەکەم؟ (دانیشتووەکە دەپەشۆکێ و زمانی پەڵپ دەبێ).. مەترسە! بڵێ.. بڵێ.. دڵنیام لەوەی، کە وەڵامەکە دەزانێ... باشە، من لە جیاتی تۆ دەیڵێم. (روو لە گشت بینەران دەکات)... دەمرێت، بەڵێ دەمرێت، چونکە ماسییگرە دەیخوات، یان.. قوولایی منداڵێکی بزێو دەڕازێنێتەوە)(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٨).

هەروەها (بەرگ شڕ) هەر بەوەندە ناوەستێ، دێتە سەر باس و خواسێکی دیکە ئەویش بەرزنرخاندن و بەهەند وەرگرتنی کتێب و کتێبخانەیە، کە هەمیشە سەرچاوەی لە بن نەهاتوون بۆ سەرجەم زانست و زانیارییەکانی مرۆڤ لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا، چونکە (کتێبخانە ئاوێنەی شارستانێتیی و پێشکەوتنی گەلانە، پێویستییەکی لەبن نەهاتووی ژیانە لای بیرمەندان و رووناکبیران))(قادر: ٢٠١٢، ٢١)، بەڵام جێی نیگەرانییە، گەر وەك پێویست سوود لە کتێب و کتێبخانە وەرنەگیرێ، ئەوا وا باشترە لە توونی حەمامدا بسووتێنرێ، کە سەردەمانێك، ژیان بەو شێوەیەی ئێستا پێشکەوتوو نەبوو، خەڵکی بۆ خۆشۆردن لە ماڵەوە حەمامیان گەرم دەکرد وبەکاریان دەهێنا، کە بە نەوت گەرم دەکرا، وە ئەو کەسەیشی توانای دەستەبەرکردنی نەوتی نەبووایە، ئەوا بە کاغەز و دار و تەختە حەمامیان گەرم دەکرد، هەروەکو دەڵێت: ((ئێوە دەزانن، کە گشت زانستی جیهان، گشت پەڕتووکەکان وەڵامی پرسیارن!؟ کتێبخانەیەکیش لە پێناوی مرۆڤدا نەبوو، باش وایە توونی گەرماوی پێ ئاگر بدرێت)(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٩).

وەك دەبینین، کارەکتەر چ ڕۆڵێکی گرنگ و ئەرکێکی گەورەی لەسەرە لە بەردەوامبوونی ڕەوتی ڕووداوەکان و بنیادنانی دەقی درامیدا؛ لەبەرئەوە درامانووس ناتوانێ بەبێ بوونی کارەکتەر بنیاتی دەقەکەی بنیاد بنێت و پەیامەکەی بگەیەنێت، هەربۆیە دەبێت درامانووس زۆر بەوردی و ئاگاییەوە گرنگی بەبنیادی کارەکتەر بدات لە نێو بنیادی دەقە درامییەکەیدا و ((بەشێوەیەکی جوان بۆ وەرگری ڕوون بکاتەوە، کە کەسێتییەکان لە ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەدا خاوەن چ سیفەتێکن؟... لەبەرئەوەی کاردەکات وەکو ئامرازێکی ڕاستەقینەی تەواو واقیعی بۆ گەیاندنی گشت بیرەکان))(عەبدولقادر: ٢٠١٣، ١١٦).

جا بۆئەوەی بینەر (خوێنەر) لەنێو دەقەکەدا بڕوای بە کارەکتەر هەبێت و سەرنجی ڕابکێشێت، دەبێت درامانووس لە هەوڵی ئەوەدا بێ سوود لە هەندێ سیفەتی مرۆیی وەربگرێ لە وێناکردنی کارەکتەرەکانیدا، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەناگەیەنێت، کە ((دەبێ کارەکتەر لەمرۆڤی ئاسایی نێو ژیان بچێت و گەلێك سیفەت هەیە، کە ئەم دووانە لەیەك جیادەکاتەوە، کە گرنگترینیان ئەوەیە، کارەکتەر زادەی خەیاڵی نووسەرە و لە

بنیادی ئەودا سوودی لە تێڕامان و تاقیکردنەوەی خۆی وەرگرتووە بۆئەوەی خوێنەر (بینەر) بەڕاستی بزانێت، یان وا مەزەندە بکات، کە دەکرێ لە ژیانی ڕۆژانەدا کەسانی لەم جۆرەی بەرچاو بکەوێت، ئەمەش گرنگترین و پڕ زەحمەتترین خاڵی داهێنانی کارەکتەرە))(ئەڵوەنی: ٢٠٠٩، ٣٧ ـــ ٣٨).

بێگومان، بەزیاتر ڕۆچوونمان بە نێوبنیادی دەقە درامییەکەدا، زیاتر ڕۆڵی کارەکتەرەکەمان بەرچاودەکەوێ، کە هونەرمەندانە لە نێو فەزای نمایشەکانیدا ڕۆڵەکانی دەبینێت و سەرنجی بینەران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، ئەوەش بە باسکردنی هەموو ئەو بابەتانەی، کە لەسەر تەختەی شانۆییەکە باسیان دەکات و دەیانخاتەڕوو. تەنانەت زۆرجاریش ڕۆڵی بینەرەکانیش دەبینێت و وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەداتەوە، کە خۆی ئاڕاستەی بینەرانی دەکات، کە مەبەستییەتی لە ڕێگەی ئەو پرسیار و وەڵامانەشەوە پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت.

بەهەرحاڵ، لە دووتوێی نمایشەکانیدا دێتە سەر باسکردنی قەفەز، بەڵام ئەمجارە مەبەستی قەفەزی باڵندە نییە، بەڵکو بەکارهێنانی وشەی قەفەز خوازراوە و بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاری دەهێنێت، ئەویش ئەوەیە، کە ژیانی مرۆڤەکان وەکو قەفەز وایە. واتە وەکو زیندانێکی گەورە وایە و مرۆڤەکان تێیدا دەست بەسەرن. هەروەکو دەڵێت: ((کێ قەفەزی هەیە؟ قەفەزێکی گەورە... نا.. نا.. هی کەو.. نا. (بە دەستی هێڵی دەرەوەی قەفەزێکی زل دەکێشێ) جێگای مرۆڤێکی تێدا ببێتەوە (پێدەکەنێ) هەمووتان قەفەزتان هەیە و... ناتانەوێ هاوکاری لەگەڵ ئەم شانۆیەمدا بکەن! یان... چاوتان کزە و قەفەزەکانتان بەدی ناکەن))(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٩).

بەو شێوەیە (بەرگ شڕ) لە گەیاندنی پەیامەکەی بەردەوام دەبێت و لە ڕێگەی سوود وەورگرتن لە هونەری خوازە، کە زیاتر ((وەکو هونەرێکی گرنگی داهێنانی ئەدەب و وەکو هۆکارێکی هەمیشە هێشتنەوەی دەقە بە ناسکی))(مستەفا: ٢٠١١، ١٦٥)، کارەکتەر لەسەر تەختەی شانۆیەکە پارچە خەڵوزێك هەڵدەگرێ و لەسەر دیواری شانۆیەکە وێنەی قەفەزێکی گەورە دەکێشێت و لە جیاتی مرۆڤ، ماسییەك دەخاتە ناو قەفەزەکەوە ((لە ژێر پایدا پارچە خەڵوزێك هەڵدەگرێ و... لەسەر دیواری بەرامبەری بینەراندا، نیگای قەفەزێکی مەزن دەکێشێت، ئەمیش گیانلەبەرێکە. (دێتە پێشەوە و لەگەڵ تەکانیدا، ئازاری کەسی ناو قەفەزەکە دەنوێنێ ـــ مۆسیقایەك تێکەڵ بە زرەی زنجیر، سەگوەڕ، نرکەی زامدارێك دەبێت) ببوورن. (پەنجە بۆ ناو قەفەزەکە درێژ دەکات) ببوورن نەمگوت: مرۆڤ!! چونکە ماسی بووە و هێشتا نەگەیشتۆتە پلەی مرۆڤایەتی))(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٩)، بەڵام لەگەڵ بەردەوامی ڕۆژگاردا، مخابن، ئەو قەفەزە زیاتر بچووك دەبێتەوە و ئێش و ئازارێکی زۆری جەستەیی و دەروونی لەسەر ماسییەکە دروست دەکات، تا وای لێ دێت بەهۆی ئێش و ئازارەوە هاوار دەکات و لە هۆشی خۆی دەچێت ((ئەم قەفەزە، هەر دێت و... تەنگتر دەبێتەوە. گیانلەبەرەکەش، ئازار و ئێشی خەستتر دەبێت. هەناسەی تەنگ، جمگە و ماسوولکەکانی دەبنە فەرهەنگی ژان. خوێن لە چاووگوێ و دەم و لووتییەوە بازرەقە دەکات.. هاوار دەکات.. نا.. نا.. لە هۆشی خۆی دەچێت))(سەڕاج: ٢٠١١، ١٠٩).

ئیدی بەم شێوەیە، (بەرگ شڕ) لە کۆتایی پەیامەکەیدا، کە تەنیا کارەکتەری نێو دەقەکەیە، بەردەوامی بە گێڕانەوەی باس و خواست و قسەکانی دەدات، تا دەگاتە ئەوەی ڕوو لە بینەران دەکات و پێیان دەڵێت: ((دەی ئێستا دەرفەتە، با هەرکەسێك لە جێگای خۆیەوە دەنگی هەڵببڕێ: ئەسکەندەر شاخی لێڕواوە[1](*) !(بە دەنگی بەرزتر) ئەسکەندەر شاخی لێڕواوە. نا.. کەس زراوی نەچێت، چونکە ئەنگوستەچاوە و... خنکاویش تامی ئاو نازانێت.. نازانێت.. نازانێت))(سەڕاج: ٢٠١١، ١١٠).

وەك دەبینین، (بەرگ شڕ)، کە تەنیا کارەکتەر و هەڵسوڕێنەری ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو دەقە شانۆییەکەیە

١ واتە ئەسکەندەر شەرم و ئابڕووی چووە و خەجاڵەت بووە. (شەریف: ٢٠٠٥، ١٧٢).

و کۆنترۆڵـی ڕووداوەکانـی کـردووە و بـەرەو ئـەو ئامانجـە دەڕوات، کـە درامانـووس دەیـەوێ بیگەیەنێـت و ڕاسـتییەکان بخاتـەڕوو، کـە پەیامێکـی سیاسـی و بەهایەکـی سیاسـی بـەرزی هەیـە. ئـەوەش هوشـیارکردنەوە و بەئاگاهێنانـەوەی کۆمەڵگایـە لـە زوڵـم و سـتەمی ڕژێمـی بەعـس لـە سـاڵانی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا.

## ئــــەنجـام

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ــ هونـەری مۆنۆدرامـا، یەکێکـە لـە هونـەرە کۆنـەکان و خـاوەن مێژوویەکـی دوورودرێـژی خۆیەتـی و دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی یۆنانییـە کۆنـەکان.

ــ کارەکتـەر لـە هونـەری مۆنۆدرامـادا، دەبێـت خاوەنـی کۆمەڵێـك سـیفەتی هەمەجـۆر و جیـاواز بێـت لـە کارەکتـەری ئاسـایی درامـا، چونکـە هـەر خـۆی بـە تەنهـا ڕۆڵ دەبینێـت و سـەرجەم ئەرکـی نواندنـەکان لـە دەوری ئـەودا خولدەخـوات، بۆیـە دەبێـت لەگـەڵ ڕەوتـی ڕووداوەکانـی نێـو دەقەکەشـدا خـۆی بگونجێنێـت.

ــ لـە مۆنۆدرامـای (قەفـەز)ی عەبدوڵـڵا سـەراجدا تەنیـا یـەك جـۆر کارەکتـەر هەیە، کـە ئەویـش کارەکتەری سـەرەکییە و (بـەرگ شـڕ)ە و درامانـووس بەشـێوەیەکی بابەتیانـە کارەکتەرەکە پێشـکەش بـە (بینەران) خوێنـەران دەکات.

ــ کارەکتـەری نێـو دەقـی مۆنۆدرامـای (قەفـەز)، کارەکتەرێکـی جێگیـرە و خـاوەن کەسـایەتییەکی نەگـۆڕە و گۆڕانـی بەسـەردا نایـەت.

ــ ئایدیۆلۆژیـای درامانـووس لەنێـو مۆنۆدرامـای (قەفـەز)دا بەئاشـکرا ڕەنگـی داوەتـەوە، ئـەوەش بەڕوونـی لـە میانـی دیالۆگەکانـدا دەرکەوتـووە. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش سـوودی لـە هونـەری ڕەمـز وەرگرتـووە، بەتایبەتیـش وشـەی قەفـەز، کـە بنیـادی دەقەکـەی لەسـەر بنیادنـراوە و پەیامێکـی سیاسـی لـە پشـتەوەیە.

ــ ڕەگـەزی کات ڕۆڵـی لـە دەرخسـتنی ڕەهەندی ڕۆشـنبیریی کارەکتـەری مۆنۆدرامـای (قەفـەزدا)دا هەیە، کـە کارەکتەر خـاوەن ئەزمـوون و پاشـخانێکی ڕۆشـنبیریی فـرە ڕەهەندە.

ــ لـە مۆنۆدرامـای (قەفـەز)دا کاریگەریـی دوولایەنـە لـە نێـوان هەریەکـە لـە کارەکتـەر و کات، کارەکتـەر و شـوێندا هەیـە، کـە ئـەوەش پەیوەندیـی بـەو ڕەوشـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەی ئـەو قۆناغـە مێژووییـەوە هەیـە، کـە ڕووداوەکانــی تێـدا ڕوویانــداوە.

ــ تـەواوی ئـەو مۆنۆلۆگانـەی لـە مۆنۆدرامـای (قەفـەز)دا بەکارهاتـوون، لـە هـەر دوو شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆدان و زیاتریـش بـە شـێوەی پرسـیار و خەبەریـدا دەربـڕاون.

ــ هەماهەنگییـەك لـە نێـوان ژیانـی درامانـووس و ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی نێـو دەقـە درامییەکـەدا هەیـە لەگـەڵ ئـەو خەیاڵـە بەرفراوانـەی، کـە درامانـووس هەیەتـی.

ــ درامانـووس لـە هەڵبژاردنـی نـاوی کارەکتەرەکـەدا (بـەرگ شـڕ) سـەرکەوتوو بـووە، چونکـە توانیوێتـی کـۆی پەیامـی نێـو دەقەکـەی لێباربـکات و هونەرمەندانـە بیگەیەنێتـە وەرگـر.

ــ درامانـووس لـەم مۆنۆدرامایەیـدا زیاتـر پەنـای بردووەتـە بـەر بەکارهێنـان و ڕەنگدانـەوەی دیالۆگـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـو بنیـادی دەقـە درامییەکـەدا.

ــ ئەو زمانەی لە نێو بنیادی دەقە درامییەکەدا بەکارهاتووە، زمانێکی سادەیە و دوورە لە ئاڵۆزی.

سـمات و خصائص الشخصية في النص المونودرامي «قـەفـەز» لـ «عبدالله السـراج»

أ. م. د. عطا رشيد حسـين م. بيسـتون عـارف عـزيـز
قسـم اللغـة الكرديـة، كليـة التربيـة الاساسـية، جامعـة السـليمانية، العـراق قسـم اللغـة الكرديـة، كليـة التربيـة الاساسـية، جامعـة السـليمانية، العـراق
المحاضر في جامعة جيهان-السليمانية
Atta Husain@univsul.edu.iq bestun.aziz@univsul.edu.iq
bestun.aziz@sulicihan.edu.krd

## ملخص البحث

البحـث بعنـوان ((سـمات و خصائـص الشـخصية في النـص المونودرامـي «قەفـەز» لـ «عبداللـه الـسراج»)) والبحـث يتبـع منهـج النقـدي التطبيقـي. البحـث يتكـون مـن فصليـن الرئيسـيين، ففـي الفصـل الاول والـذي يتكـون مـن اربـع مباحـث تنـاول الجانـب التنظيـري ويتكـون مـن:

ـ مفهوم الشخصية
ـ نظرة تاريخية حول مونودراما
ـ تعريف مونودراما
ـ مميزات مونودراما

وفي الفصـل الثـاني والـذي يحمـل عنـوان البحـث تنـاول بالتفصيـل سـمات وخصائـص الشـخصية، والـذي يلعـب دورا مهـما في سرد الوقائـع والاحـداث للنـص الدرامـي وتجسـيد دوره بشـكل فعـال. وفي ختـام البحـث تـم اسـتعراض مـا توصـل اليـه البحـث مـن النتائـج، مـع قائمـة باهـم المصـادر والمراجـع.

Character traits in the structure of mono – dramatic text of THE CAGE by Abdulla the Sarraj

Bestun Arif Aziz
Kurdish Language Department
College of Basic Education- University of Sulaimani- Iraq
Lecturer at university of Cihan-Sulaimani
bestun.aziz@univsul.edu.iq
bestun.aziz@sulicihan.edu.krd

Asst.Prof.Dr.Atta Rashid Husain
Kurdish Language Department
College of Basic Education- University of Sulaimani- Iraq
Atta Husain@univsul.edu.iq

## ABSTRACT

This study entitled (Character traits in the structure of the mono – dramatic text of THE CAGE by Abdulla Sarraj) is a practical critical study. It consists of two main section: the first, mainly theoretical, four topics are treated:

-The concept and definition of the character

- An overview of the history of mono- drama

- The properties of mono – drama

The second section, which carries the title of the study upon which it is constructed, elaborates on the traits of the character, which plays a key role in the narration of the events in the text and the embodiment of the role.

Finally, the conclusions and recommendations of the study have been listed.


## ســـــــەرچـاوەکـان


ـ کتێبە کوردییەکان:

١- ئۆسمان، محسن(٢٠١١)، هزرکرن د پرسێن شانۆیێ دا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٢- ئەڵوەنـی، نەجـم خالیـد(د)(٢٠٠٩)، کارەکتەرسـازی لەڕۆمانـی ئێـوارەی پەروانـەی بەختیـار عەلـی دا، چاپخانـەی موکریانـی، هەولێـر.

٣- بەرزنجی، یاسین قادر(٢٠٠٩)، هونەری دراماـ تێڕامانێك لە درامای کوردی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٤- پێندرۆیی، محەمەد ساڵح(٢٠١١)، هونەری خوێندنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥- جەمال، سۆزان(٢٠١٢)، لەگەڵ سایکۆلۆژیادا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٦- حەمـەد، پەخشـان سـابیر(د)(٢٠١٢)، ڕەمـز لـە شـیعری هاوچەرخـی کـوردی کرمانجـی خـوارووی کوردسـتان(١٩٧٠ ـــ ١٩٩١)، چاپخانـەی حاجـی هاشـم ، هەولێـر.

٧- حاجـی، سـەنگەر قـادر شـێخ محەمـەد(٢٠٠٩)، بنیاتـی گێڕانـەوە لـە داسـتانی(مەم وزیـن)ی ئەحمـەدی خانـی و ڕۆمانـی

(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٨- حەمەد، یوسف عوسمان(...)، چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی.

٩- دۆرانت، ویلیام جیمز(٢٠١٠)، مێژووی شانۆ، و: پێشڕەو حسەین، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی.

١٠- ڕەسـوڵ، هەڵمـەت بایـز(٢٠١٢)، ڕەهەنـدی دەروونـی لـە چیرۆکەکانـی شـێرزاد حەسـەندا، چاپخانـەی موکریانـی، هەولێـر.

١١- سـابیر، پەرێـز(٢٠٠١)، بینـای هونـەری چیرۆکـی کـوردی لەسـەرەتاوە تـا کۆتایـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، چاپخانـەی

سەردەم، سلێمانی.

١٢- سالار، ئەحمەد(١٩٨٨)، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، چاپخانەی (دارالحرية)، بەغدا.
١٣- سالار، ئەحمەد(٢٠٠٥)، هونەر و ژیان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
١٤- سەڕاج، عەبدوڵلا(٢٠١١)، هەشت دەقی شانۆیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١٥- سوبحان، کامەران(٢٠٠٤)، فەرهەنگی شانۆیی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
١٦- شێخانی، جەوهەر(٢٠١٤)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی(حسێن عارف)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
١٧- شەریف، عبدالوهاب کانبی(٢٠٠٥)، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٨- قادر، جەزا ئەحمەد(٢٠١٢)، کتێبخانە لە نێوان سەرهەڵدان و ناسیندا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
١٩- قەرەداغی، محەمەد مستەفا(٢٠١٢)، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٢٠- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(د)(٢٠٠٦)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢١- عبدالقادر، کەیفی ئەحمەد(٢٠١٣)، ڕیالیزم لە شانۆی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢٢- عەلی، خەلیل(٢٠١٦)، بنەما هونەرییەکانی شانۆی منداڵان لە زارۆخانە و خوێندنگاکان، چاپخانە؟، شوێن ؟.
٢٣- عەوڵا، عەبدوڵلا ڕەحمان(٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٤- مستەفا، ئیدریس عەبدڵـڵا(د)(٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٥- هەورامی، حەمەکەریم(٢٠٠١)، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.
٢٦- یاقووب، عەلی عوسمان(٢٠١٤)، ئەکتەر ـ دروستکردنی ڕۆڵ و سایکۆلۆژیای نواندن، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

ــ کتێبە عەرەبییەکان:
٢٧- الياس، ماري(د) و حسن، حنان قصاب(د)(٢٠٠٦)، المعجم المسرحي، ط٢، مكتبة لبنان، بيروت.
٢٨- بن ذريل، عدنان(١٩٩٦)، فن كتابة المسرحية ، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
٢٩- جوردن، هاجز(٢٠٠٠)، التمثيل والاداءالمسرحي، ت: د. فتحي سالم، مطبعة عربية للطباعة والنشر، اربد،الاردن.
٣٠- الچلبي، سمير عبدالرحيم(١٩٩٣)، معجم المصطلحات المسرحية، مطبعة دارالمآمون، بغداد.

ــ گۆڤارەکان :
٣١- یونس، هیوا سوعاد(١٩٩٩)، مۆنۆدراما، گۆڤاری ڕامان، ژ(٣٣).

ــ نامەی زانکۆیی :
٣٢- حەسەن، یاسین ڕەشید(٢٠٠٤)، ناوەرۆك و تەکنیکی درامای کوردی ١٩٩١ ــ ٢٠٠٢، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣٣- کەریم، سەلام فەرەج(١٩٨٩)، کەسایەتی لە درامای کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین.